

# منداڵانی سەرشەقام و ناو کارگەکان لە داهاتووی نادیاریان نیگەرانن

منداڵان جیهانێکی هەستیار و تایبەت بە خۆیان هەیەو جۆری پەروەردەو پێگەیاندنیشیان ئەرکی باوان و حکومەتی وڵاتەکەیان قورستر دەکات، هەر ئەو منداڵانەشن کە بە نەوەی داهاتوو ناسراون و گەر بایەخ بە پەروەردەی تەندروستیان بدرێ، ئەوا لە داهاتوودا وەك گەنجی بەرهەمهێن سوودیان بۆ خۆیان و کۆمەڵگەش دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆری منداڵان لە سەرلەبەری ئەم گڵۆبە خاکییەی گەردووندا، لەو جیهانە تایبەتییەی خۆیان دابڕێندراون و، یان خراونەتە بەر کاری قورس و تاقەتپڕووکێن، یان سەرگەردانی شەقامەکان کراون، ئەوان زۆربەیان لە خێزانی خۆیان نائۆمێدن و تامەزرۆی ئاوڕلێدانەوەی حکومەتن، چالاکانی مەدەنیش لەو بوارەدا وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بە کەمتەرخەم تۆمەتبار دەکەن و دەخوازن ئامار و داتای تەواوی منداڵانی کارکەر دەستنیشان بکرێ و هاوکات پلان و پرۆژەی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێ، بۆ ئەوەی ئەوانیش لە دەرفەتەکانی پەروەردە و گەشەسەندن بێبەش نەکرێن.

گەرچی هەموو وڵاتانی جیهان بانگەشەی مافەکانی منداڵ و دەستەبەرکردنی داهاتووی گەشیان دەکەن، بەڵام تا هەنووکە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا و بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێژەیەکی زۆری منداڵان خراوەتە بەر کاری قورس و هیچ بایەخێك بە داهاتوویان نادرێ.

لە وڵاتێکی وەك میسر نزیکەی ٢٠٠هەزار منداڵی ئیشکەر هەیە، لە ئەردەن نزیکەی ٦٠هەزار منداڵ خراوەنەتە بەر کار و لە ئێران و عێراق و یەمەن و وڵاتانی ناوچەکە تا دەگاتە سومال و جیبۆتی ئەم دیاردەیە زۆر بە بەربڵاوی هەستی پێدەکرێت، تەنانەت لە وڵاتانی کەنداویش کە خاوەنی داهاتێکی بێشومار و زۆرن، ڕێژەی منداڵانی کارکەریان گەلێك زۆرە، هەرێمی کوردستانیش بەدەر نییە لەم دیاردەیە، بەتایبەتی بەهۆی شەڕی ناوخۆی سووریا و تێکچوونی باری ئەمنیی ناوەڕاست و باشووری عێراق ڕێژەیەکی زۆر لە منداڵانی ئیشکەر لە سەر شەقام و شوێنە گشتییەکان دەبینرێن. ئەوان بەشێکی زۆریان بە فرۆشتنی کلینێکس و بنێشت و کارتی مۆبایل خۆیان سەرقاڵ کردووە، ژمارەیەکیشیان تەنیا دەرۆزە دەکەن، بە بێ ئەوەی بزانن ئەو کارە نەشیاوە چۆن کەسایەتییان دادەڕمێنێ.

ڕۆژانە لە نزیك ترافیکلاتیی شۆڕش لە شاری هەولێر پۆلێك منداڵ دەبینرێن، کە زۆربەیان کار دەکەن و شتومەك دەفرۆشن، حەسەن نەجمەدین مێرمنداڵێکی خەڵکی شاری (قامیشلۆ)یە و دوای ئەوەی ڕازی بوو لە بارەی خۆیەوە قسە بۆ گۆڤاری گوڵان بکات: گوتی: «ئێمە لە سووریا لەدەست شەڕو خوێنڕشتن هەڵهاتووین و ڕوومان لە هەرێمی کوردستان کردووە، بۆ ئەوەی لەمەرگ ڕزگارمان بێت، لێرەش کەوتووینەتە کارکردن، چونکە باوکم بەتەنیا ناتوانێ بژێوی خیزانەکەمان دابین بکات، بۆیە هەموومان کاردەکەین، من لەسەر شەقام بنێشت دەفرۆشم و خۆشکەکەم کاشیرە لە سوپەرمارکێتێك کار دەکات و باوکیشم عەرەبانەی پێیە» .حەسەن باسی خەونەکانی کرد و هیوای دەخواست لە بری کارکردن لە سەر شەقامەکان لە قوتابخانە بووایە.

**ئاوارەکان هیچیان نییە و ناچارن کار بکەن**

منداڵێکی دیکە کە خۆی بە عەلی ناساند، کلینێکسی دەفرۆشت، وەك خۆی باسیکرد، خەڵکی شاری (حەلەب)ـە و بە هۆی شەڕی ناوخۆ و ویرانبوونی شارەکەیانەوە، بە خێزانەوە ڕوویان لەهەولێر کردووە، عەلی بە نیگەرانییەکی زۆرەوە دەڵێت: «کرێی خانوو لە هەولێر زۆر گرانە، بەتایبەتی بۆ ئاوارەکان کە هیچیان نییە، بۆیە ناچارین هەموومان کاربکەین بۆ ئەوەی ژیان بگوزەرێنین» .ئەو بەسەرسامی باسی ژیانی ڕابردووی لە شاری حەلەب دەکات و دەڵێت: «ئێمە لەوێ ژیانمان زۆر خۆش بوو، منیش قوتابی بووم، بەڵام ئێستا دەستم بە کارکردن کردووە، چونکە باوکم بە تەنها ناتوانێت بژێوی ماڵەوەمان دابین بکات . عەلی وەك سەدان منداڵی ئاوارەی وڵاتی سووریا، لە سپێدەوە تا شەو لە سەر شەقامەکان کاردەکات، ئەوەش کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر باری دەروونی ناوبراو دروستکردووە. بۆیە بە خەمبارییەکی زۆرەوە باسی دابڕانی لە خوێندن دەکات و دەڵێت: «هیچ شتێك لەوە ناخۆشتر نییە کە واز لە خوێندن بهێنی، زۆر بیری قوتابخانە و هاوپۆلەکانم دەکەم».

**هەمیشە خەون بە کۆمپیوتەرەوە دەبینم**

فازع ئەحمەد منداڵێکی عەرەب زمانی خەڵکی شاری (ڕومادی)یە و وەك خۆی باسیکرد بەهۆی خراپیی باری ئەمنییەوە خێزانەکەیان ناچاربوون ڕوو لەشاری هەولێر بکەن.

فازع بە خەمبارییەکی زۆرەوە دەڵێت: «لە خێزانەکەمان جگە لەمن کەسێکی وامان نییە تاوەکو بتوانێ بژێوی ژیانمان دابین بکات، بۆیە ڕۆژانە دێمە ناو بازاڕ و ئیش دەکەم، هەرچەندە ئەوەشی کە دەستم دەکەوێ بەشی پێداویستی ژیانمان ناکات».

ئەو منداڵە داوای لەحکومەتی کوردستان کرد کە لەڕووی ئابوورییەوە زیاتر هاوکاری ئاوارەکان بکات، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لە خوێندن دانەبڕێن، گوتیشی: «من لە بەر هەژاری و نەبوونی وازم لە خوێندن هێناوە، بەڵام هەمیشە خەون بە کۆمپیوتەرەوە دەبینم و دەترسم قەد فێری نەبم».

توێژەری کۆمەڵایەتی هێرۆ شاکر، کارکردنی ئەو منداڵانە زیاتر بۆ ئاوارەبوونی خێزانەکانیان دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت: «بەشێکی زۆر لەو خێزانانە کە کار بە منداڵەکانیان دەکەن، بە هۆی شەڕی ناوخۆی وڵاتەکەیانەوە ئاوارەبوون و کەمدەرامەتیی فشاری بۆ هێناون، واتا زۆربەی هەرە زۆری ئەو منداڵانەی کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن خەڵکی سوریا، یان باشووری عێراقن .زۆربەشیان ڕۆژانە خەریکی کارێکی قورسن کە لەگەڵ تەمەنەکانیان ناگونجێ».

**زۆربەی خێزانە کوردەکانی هەرێم کە منداڵەکانیان بۆ کارکردن دەنێرن کێشەی ئابوورییان نییە**

ئەو توێژەرە جەختی لەوە کردەوە کە کارکردنی منداڵان دیاردەیەکی جیهانییە و بەتایبەتی لە سەرجەم وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونی هەیە، چونکە زۆربەی





ئەو خێزانانەی کێشەی ئابووریيان هەیە ناچارن کار بە منداڵەکانیان بکەن، بەتایبەتی ئاوارەکانی شـەڕ، بەڵام سەبارەت بەو منداڵە کوردانەی کە کار دەکەن و خەڵکی هەرێمـی کوردستانیشـن گوتی: «زۆربـەی خێزانە کوردەکانی هەرێم کە منداڵەکانیان بۆ کارکردن دەنێرن، کێشـەی ئابووریيان نییە، تەنانەت منداڵ هەیە باوکی دەوڵەمەندە، بـەڵام کار دەکات، واتە بۆتە چاولێکەری و پاسـاوی ئەوەی بۆ دەهێننەوە کـە گوایە منداڵەکە متمانەی بەخۆی زیاتر دەبێت». ئەوەش دەخاتەڕوو کە بەهـۆی ئەو کەیسـانەی کە ئـەو بەدواداچوونی بۆ کـردوون، دەرکەوتووە زۆربەی هـەرە زۆری منداڵانی کوردی سەرشەقام لە ڕووی ئابوورییەوە کێشەیان نییە، بەڵکو ئەو منداڵانەی کە کوردی هەرێمن، گرفتەکانیان زیاتر پەیوەسـتە بە نەبوونی وشیاریی کۆمەڵایەتییەوە، گوتیشـی: «کارەسـات ئەوەیە لە غیابی وشـیاریی کۆمەڵایەتیـدا خەڵك بـۆ پێگەیاندنـی منداڵەکانیان متمانەیان بە بازاڕ لە قوتابخانە زیاترە».

ئەو توێژەرە نموونەی بەوە هێناوە کە باوکێك بەکارکردنی نێو بازاڕ بۆتە کەسێکی سەرمایەدار و خاوەنی کۆمپانیا، ئیتر ئەو کەسە لەلای ئاساییە منداڵەکەی فێری پیشە بـکات و بیخاتە بەر کارکردن، چونکە کارکردن بۆ ئەو باوکە هۆکاری سەرکەوتنی ژیانی بووە، لەو کاتەی کە خێزانێك منداڵەکەیان خسـتۆتە نێو بازاڕە بۆ کارکردن و باری ئابووریيان باشە، ئەستەمە ئەو منداڵە لەکارکردن دەربهێنن، چونکە ئەوان پێیانوایە کە سەرکەوتنی مرۆڤ لەکارکردندایە و متمانەیان بە خوێندن نییە» .

**داتا و ئاماری تەواومان لـە بارەی منداڵانی کارکەر نییە**

سەیران سەلاح سەرۆکی ڕێکخراوی ئەستێرەی منداڵان کە کەسـێکی چالاکی بـواری مافەکانـی منداڵە، نیگەرانیی خۆی لەوە دەردەبڕێت کە «ڕۆژانە دەبینرێ کە ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان لەسـەر شـەقامەکان کاردەکەن و تائێسـتا بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە کاری بەرچاو نەکراوە»، گوتیشی: «وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتـی بـە وردی بەدواداچوونی بۆ کێشـەی منداڵانی سەرشەقام و کارکەر نەکردووە، دەبوو لانیکەم بەدواداچوونی زانستیی بۆ دەرخستنی داتا و ژمارەیان بکردایە و ئامارێکـی دیاریکراویان هەبووایە، چونکە زۆر گرنگە ئەو منداڵانەی لەسـەر شەقام و کارگەکان کاردەکەن، داتا و ئاماریـان هەبێت و بزانرێت هۆکاری کارکردنیان چییە، ئەگـەر وەزعیان لەڕووی ماددییەوە خراپە، ئەوە پێویسـتە چارەسـەر بکرێـت، ئەگەریش خێزانەکەیان کێشەی ئابووریيان نییە و وەك چاولێکەری و بە هـۆکاری دیکە کار بە منداڵـی خۆیان دەکەن، پێویستە هوشـیار بکرێنەوە و بەدواداچوونی جددی بۆ داهاتووی ئەو منداڵانە بکرێت.

ئـەو چالاکە مەدەنییە جەختی لەوە کردەوە کە دیاردەی سـواڵکردن بە منداڵان زیاد بووە و گوتی: «تێبینیمان کـردووە زۆربەی هەرە زۆری ئـەو منداڵانەی کە لە سەر شەقامن، ئاوارەی سووریا و عەرەبەکانی شارەکانی عێراقن، جگە لەوەش ئەوەی زۆر ئازاردەرە، سـواڵکردنە بە منداڵان و پێویسـتە هەر لە بازگەکانی دەوروپشتی شـارەکانەوە ڕێگری لەو کەسـانە بکرێ کە منداڵان دەهێنن و سـواڵیان پێدەکەن، ئەو کەسانە وەك باندێکیان لێهاتووە پێویستە ڕێگری لەو مافیایە بکرێت».

لـەلای خۆیەوە پەرلەمانتار ئامینە زکری، سـەبارەت بـە ئاریشـەکانی منداڵانـی کارکـەر و چۆنیەتی چارەسەری کێشـەکانیان بۆ گوڵان گوتی: «پێویستە لایەنی پەیوەندیـدار بەتایبەتی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ئامارێکی وردی سـەبارەت بە منداڵانی کارکەر ئامـادە کردبێت و مەرجە کە ئـەو ئامارە بە شێوەیەکی زانستی ئامادە بکرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت ئەو منداڵانە چەندیان دەخوێنن و چەندیان وازیان لە خوێندن هێناوە. چەندیان تەمەنیان لە خوار ١٤سـاڵانە و باری ئابووریی خێزانیان چۆنە و .. هتد. بۆیە زۆر پێویسـتە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە شـێوەیەکی

**کارەسات ئەوەیە لە غیابی وشیاریی کۆمەڵایەتیدا خەڵک بۆ پێگەیاندنی منداڵەکانیان متمانەیان بە بازاڕ لە قوتابخانە زیاترە**

**پێویستە هەر لە بازگەکانی دەوروپشتی شارەکانەوە ڕێگری لەو کەسانە بکرێ کە منداڵان دەهێنن و سواڵیان پێدەکەن، ئەو کەسانە وەک باندێکیان لێهاتووە پێویستە ڕێگری لەو مافیایە بکرێت**

زانستی مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە بکات و بەرنامەی وردی بۆ دابنێت، چونکە ئەو وەزارەتە لایەنێکی گرنگی نێو ئەم پرسەیەو دەتوانێت کاراترین ڕۆڵ لەو ڕووەوە بگێڕێت .گوتیشی: «بێگومان بوونی ڕێژەیەکی زۆر و بەرچاو لە پەنابەران لە هەرێمی کوردستان وایکردووە کە بەشێکی زۆر لەم پەنابەرانە لە هەرێمی کوردستان بەنێو شارەکاندا بڵاو ببنەوە، ئەمەش لەڕووی واقیعیەوە ناگونجێت، چونکە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش پەنابەر بەشێوەیەکی ڕەها لە شەقام و شوێنە گشتییەکان ناتوانن بسووڕێنەوە و چاودێری دەکرێن، لە کوردستانیش پێویستە سنوورێك بۆ ئەو پەنابەرانە دابنرێت و لە کەمپەکانیاندا هەموو خزمەتگوزارییەکیان بۆ دابین بکرێت. واتە پێویستە ئەو خزمەتگوزارییانەی بۆ منداڵانی هەرێم هەیە، بۆ مندالانی پەنابەرانیش هەبێت، ئەوانیش مافی خوێندن و بەشداریکردنیان لە چالاکی و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی نێو سەنتەرەکاندا هەبێت .

## پێویستە سەنتەری گەشەپیدانی منداڵان لە کەمپی ئاوارەکان هەبێت

ئەو پەرلەمانتارە ڕایوایە، «چۆن وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی گرنگی بەمنداڵانی هەرێمی کوردستان دەدات، پێویستە ئاوەهاش گرنگی بە منداڵانی پەنابەران بدات»، گوتیشی: «لە ئێستادا زۆربەی منداڵانی سەرشەقام و کارکەر لە خێزانە ئاوارەکانن کە پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە، بۆیە پێویستە لەهەموو کەمپەکان بنکەی شیاندن و سەنتەری گەشەپێدان بۆ منداڵانی ئاوارە بکرێتەوە و تەواوی خزمەتگوزارییەکانیشیان بۆ دابین بکرێت، بەوەش دەتوانین ڕێژەی منداڵانی ئیشکەر کەم بکەینەوە

## چەندین منداڵی سەرشەقامان ڕەوانەی قوتابخانەکان کردۆتەوە


د. ڕۆزە عەبدوڵلا بەڕێوبەری گشتیی چاودێریی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی هەولێر، لە دەستپێکی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە دا کە لە ئێستادا «لە هەولێر چوار سەنتەری منداڵان هەیە کە کار بۆ چارەسەری گرفتەکانی منداڵان دەکەن و بەشێکی گرنگی ئەرکی ئەم سەنتەرانە کارکردنە لەسەر منداڵانی ئیشکەر بەجۆرێك هەر یەکێك لەم سەنتەرانە ئەرکەکانیان دابەشکراوە، بۆ نموونە سەنتەری لانە چەندین خولی بۆ منداڵانی سەرشەقام کردۆتەوە، چەندین منداڵ هەیە بەهۆی ئەم سەنتەرەوە ڕەوانەی قوتابخانەکان کراونەتەوە».

د. ڕۆزە لەدرێژەی قسەکانیدا ئەوەی خستەڕوو کە ئەوان لەشارۆچکەی (مەخموور)یش سەنتەری (هاوڕێ)یان هەیە کە تایبەتە بە منداڵانی سەرشەقام و خولی جۆراوجۆر بۆ ئەو منداڵانە دەکاتەوە . گوتیشی: «ئێمە بەهاوکاریی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەرنامەی بەرفراوانمان بۆ گەیاندنی پڕۆژەکانمان بە شارۆچکە و گوندەکان دارشتووە و بەنیازین ئەو خولانە لەگشت ناوچەکان بکرێنەوە و لەئایندەیەکی نزیکدا هەوڵی بەرفراوانکردنی پڕۆژەکان دەدەین .هەروەها لە کەمپەکانی ئاوارەکانی سووریا چەندین بنکەی فریاگوزاری دەروونیمان بۆ خیزانەکان و منداڵەکان کردۆتەوە، ئەگەر حکومەت و ڕێکخراوەکان هاوکارمان بن، لەهەموو کەمپەکان بەنیازی کردنەوەی چەندین بنکەی پاراستنی منداڵانین».

**گەرچی کارکردن بۆ منداڵ کارێکی شیاو نییە، بەڵام وەک سواڵکردن نییە و کەسایەتییان ناڕووخێنێ**



سەرکەوتن لە پەیژەکانی زانست و خوێندنی باڵا ئاواتی زۆرینەی مرۆڤە و بەرپرسانی هەموو وڵاتێکیش بایەخی زۆر بەو بوارە دەدەن، لە هەرێمی کوردســـتانیش جگە لە کردنەوەی چەندین زانکۆی حکومی و ئەهلی، پڕۆژەی تواناسازی هەیە، کە هەردوو ڕەگەز دەتوانن لەو ڕێگەوە لە زانکۆ بەناوبانگەکانی دەرەوەی وڵات درێژە بە خوێندن بدەن. واتە پڕۆژەی تواناسازی بە یەکێك لە پڕۆژە سوودبەخشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تاك و کۆمەڵگە هەژمار دەکرێ، بەڵام ئەوەی جێی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەر کردنە، ئەوەیە کە ئافرەتان لەو بوارەدا خۆیان بە بەشخوراو دەزانن و ئاماژە بەوە دەکەن کە بۆ سوودمەندبوون لەو پڕۆژەیە جیاکاری دەکـــرێ و بە دەگمەن ئاوڕێك لە ئافرەتان دەدرێتەوە. ئەوان داوای ئاسانکاری زیاتر دەکەن و مەرجی تەمەنیش بە کۆسپی سەرەکی دەزانن، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگێڕنەوە، کە بە کچی و لە ماڵە باوان ڕێگری لە خوێندنیان لە دەرەوەی وڵات دەکرێ، کاتێکیش هاوسەرگیری دەکەن، دیســـان هەمان کێشە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە تاوەکو تەمەنیان زۆر نەبێت، ئەو سەربەستیەیان نابێت کە بڕیاری خوێندن لە دەرەوەی وڵات بدەن. پەرلەمانتارێکیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەرلەمانی کوردستان لە داڕشتنی پڕۆژەکەدا هیچ جیاوازییەکی لەنێوان ڕەگەزەکان نەکردووە، بەڵام نەریتی خێزانی وایکردووە کەمتر کچان دەتوانن بۆ خوێندن ڕوو لە دەرەوەی وڵات بکەن.



# ئافرەتان داواکارن چاو بە مەرجەکانی تواناسازیدا بخشێنرێتەوە

«کەس گومانی لەوە نییە کە پرۆژەی تواناسازی سوودی زۆری بــۆ کۆمەڵگە و بۆ تاکیـــش هەبووە، بەڵام ئافرەتان کێشەیان زۆرە و پێویستە لەو بوارەدا ئاسانکارییان بۆ بکرێ، بۆ نموونە پێویســـتە لە پرۆژەی تواناسازی مەرجی تەمەن بــۆ ئافرەتان دانەنرێ، چونکە ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمە تەنیا دوای هاوســـەرگیری و لە تەمەنی ســـەرەوە دەتوانێ لە بڕیاردان سەربەســـت بێت بۆ ئـــەوەی لە دەرەوەی وڵات بخوێنێ». ئەوە قســـەی سازان موحســـین بوو. ئەو وەك فەرمانبەرێك ســـەبارەت بە ســـوودوەرنەگرتنی لە پرۆژەی تواناســـازی بە نیگەرانییەوە دەڵێت: «من بۆ خۆم تاوەکو لەماڵـــی باوکم بووم، تەمەنم گونجاو بـــوو، بەڵام ڕێگریم لێکـــرا، دوای ئەوەی هاوســـەرگیریم کرد و هاوســـەرەکەم ڕێگەی سەفەرکردنم پێدەدات، بەڵام تەمەنەکەم لە سەرووی ٣٥ ســـاڵیدایە، بۆیە لەم پرۆسەیە بەبێ ویستی خۆم بێبەش بووم».

دواتر ئافرەتێکی فەرمانبەرمان بەناوی شیرین عەزیز دواند، کە وەك خۆی باسیکرد چەندین جار هەوڵی بەشداریکردنی لەو پرۆسەیە داوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. ناوبراو پێیوابوو «بێبەشکردنی فەرمانبەران لە پرۆژەی تواناسازی بەهۆی ڕەگـــەزەوە نییە، بەڵکوو بەهۆی ئەوەیە کە ئایا تاچەند ئەو فەرمانبەرە دەتوانێت بەشـــێوەیەك لە شێوەکان وا لەبەرپرسی یەکەمـــی بکات کە بۆ ئـــەو پرۆســـەیە کاندیدی بکات، گوتیشی: «من گلەیی زۆرم لە حکومەت هەیە بەوەی کە نەیتوانیوە وەك پێویست ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی عادیلانە بخاتەبـــواری جێبەجێکردنەوە، هەروەها هەندێك پســـپۆڕی گرنگی زۆریان پێداوە و هەندێك پسپۆڕی تریش بەتەواوەتی پشتگوێ خراون».

شیرین جەختی لەوە کردەوە کە «لە زۆربەی فەرمانگەکان لەکاتی دەستنیشـــانکردنی کاندیدەکانی تواناسازی فێڵ و ساختەی زۆر دەکرێت، بە بیانووی ئەوەی کە ئەو فەرمانگەیە ئازادە لەوەی کامە پســـپۆڕی دەستنیشان دەکات، کەسانی نزیك لە خۆیان دەستنیشـــان دەکەن، واتا بەرپرسی یەکەمی فەرمانگە جا بەڕێوبەری گشتی بێت، یان وەزیر، دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی یاری بە ئایندەی فەرمانبەرانی بکات. شـــیرین ڕەخنەی لە داڕشتنی پرۆژەی تواناسازی هەیە و ڕایوایە «هانی زیاتری بەدەرخستنی جیاوازی چینایەتی دەدات». هـــەر لەو بارەیەوە گوتـــی: «دەبینین گەنجێـــك بـــۆ تواناســـازی دەڕواتـــە دەرەوەی وڵات و حکومـــەت بە دەفتـــەر دۆلار مووچەی دەداتێ، بەڵام



هاوپیشەکەی ئەو کە لە هەمان فەرمانگەیە، چونکە لە هەرێمی کوردستاندا ماوەتەوە تەنیا ٥٠٠ هەزار دینار مووچە وەردەگرێت، ئەمەش ناهاوسەنگییەکی زەقە و هیوادارم سنووردار بکرێت، ئەوە نارەوایە کە فەرمانبەرێك بۆ تواناسازی ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێت و هی دیکەش هیچی بۆ نەکرابێت، دەبێت ئەوە بە قەرەبووکردنەوە بۆ ئەو کەسانەی لەو پرۆژەیە بێبەش کراون، هاوسەنگ بکرێتەوە».

ئەو فەرمانبەرە نەریتی کۆمەڵگەشی بە هۆکارێکی تری کێشەکە زانی و گوتی: «کۆمەڵگەی نەریتی و نێرسالاری بە مافی کچ ڕەوا نابینێت، کە بۆ خوێندن بە تەنیا سەفەری دەرەوەی وڵات بکات.

شێروان سەلیم توێژەری کۆمەڵایەتییە و سەبارەت بە هەمان پرس سەرەتا باسی ڕێگرییە کۆمەڵایەتییەکانی بەردەم ئافرەتان دەکات و هاوکات دەڵێت: «پرۆگرامی تواناسازی بۆ کوردستان سەرکەوتوو نابێت، چونکە ئەم پرۆژەیە زیاتر لاساییکردنەوەی وڵاتانی لیبراڵ و ئەورووپییە، دەکرا حکومەتی هەرێم پرۆژەکە بکاتە پرۆژەیەکی نیشتمانی کە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێمە بگونجێت و کچانیش لێی بێبەش نەبن، واتە دەکرا لە جیاتی ئەوەی کە حکومەت سەدان قوتابی ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکات و بە هەزاران دەفتەرە دۆلاریان بۆ خەرج بکات، دەیتوانی بەو پارەیە مامۆستای زانستگا جیهانییەکان بهێنێ بۆ کوردستان لە زانکۆکانی کوردستان وانە بڵێنەوە، چونکە زۆر خێزان هەیە پێی شەرمە کچەکەی بەتەنیا بچێت لە وڵاتێکی دیکە بخوێنێت».

بەڵام پەرلەمانتار شیلان شێخ جەعفەر ڕای جیاوازی هەیە و دەڵێت: «پرۆژەی تواناسازی یەکێکە لە پرۆژە زۆر هەستیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە توانیویەتی زۆرترین خزمەت بەهەردوو ڕەگەز بکات».

هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵاو وەزارەتی پلاندانان ئەرکی سەرپەرشتی ئەم پرۆژەیەیان لە ئەستۆ گرتووە .بەڵام زۆر جار ئەوانیش بە جیاوازیکردنی ڕەگەزی تۆمەتبار دەکەن. پەرلەمانتار شیلان شێخ جەعفەر هۆکاری بەشداریی کەمی ئافرەتانی لەو پرۆژەیە بە دوو خاڵ دەستنیشان دەکات، یەکەمیان: ڕێژەی ئافرەتانی فەرمانبەر بە بەراورد بە پیاوانی فەرمانبەر کەمترە، دووەمیان: نەریتی خێزانی و دابی کۆمەڵایەتییە کە چەندین بەربەست و دیواری کۆنکریتی لەپێش ئافرەت دروستکردووە و ڕێگرە لەوەی کە ئافرەت هەنگاو بەرەوپێشەوە بنێت.

بە بڕوای شیلان حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێشکەوتنی تواناکانی ئافرەتان هەوڵی زۆری داوە و هاوکاری پێشکەوتنی تواناکانی ئافرەتان بووە لە بەشداریکردن لە پرۆسەی تواناسازیدا، گوتیشی: «ئەوەندەی ئێمە بەدواداچوونمان بۆ ئەم پرسە کردبێت، هیچ بەربەستێکی یاسایی نییە کە لە پرۆژەی تواناسازی ڕێگە لە ئافرەت بگرێت، مەرجەکانیشی ستانداردی یاسایی هەیەو لەسەر هەردوو ڕەگەز جێبەجێ دەکرێن . سەرەڕای ئەوەش حکومەت ئاسانکاری زیاتری بۆ ئافرەتان کردووە و ئافرەتی فەرمانبەر هەبووە مارەکراو بووە، هاوسەرەکەشی لەگەڵیدا ناردۆتە دەرەوەی وڵات، واتا ناکرێت ئێمە بڵێین کە مەرجەکان تەعجیزین و ڕێگە لە ئافرەتان دەگرن، بەڵکو ڕووی ڕاستی قەیرانەکە ئەوەیە کۆمەڵگەی ئێمە وەها فێربووە کە ئافرەت تەنیا ئەرکی سەرپەرشتی ماڵ بێت .کۆمەڵگەیەك ئازادیی بە ئافرەت نەدات تەنانەت ڕایەکی خۆی دەربڕێت، چون ڕێگەی دەدات بە تەنیا سەفەری دەرەوەی وڵات بکات و برەو بەتواناکانی بدات؟ بەداخەوە بەشێکی زۆر لەئافرەتانیش ئەوەندەی وابەستەی کەلتووری کۆمەڵایەتین، ئەوندە بیر لە ئایندەیان ناکەنەوە کە برەو بە تواناکانی خۆیان بدەن».

ئەو پەرلەمانتارە ڕایوایە «کاتێ ئەوە هاتووە ئافرەتان ئەو کۆسپە کەلتوورییە بشکێنن و هەوڵی پێشکەوتنی تواناکانیان بدەن»، نموونەی بە ئافرەتی سیاسەتوانی ئەمریکی کۆندولیزا ڕایس هێنایەوە، «کۆندولیزا ڕایس توانی دوو بەربەست بشکێنێت، یەکەمیان ئەوە بوو کە ڕەشپێست بوو، وەك دەزانین لە ئەمریکا هاووڵاتی ڕەشپێست ڕووبەڕووی زۆرترین گرفت و قەیرانی جیاکاری دەبوونەوە، دووەمیان ئەو بوو کە ئافرەت زۆر زەحمەت بووە بگاتە ئاستی باڵای بڕیاری سیاسی، بەڵام ئەو وەك ئافرەتێکی بەتوانا و بوێر ئەو دوو بەربەستەی شکاند و لە سیاسەتی ئەمریکادا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو». گوتیشی: «ئەرکی ئێمەیە بە هاوکاریی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەرجەم لایەنەکان بتوانین هەنگاوی جددی بۆ وشیارکردنەوەی تاك و کۆمەڵگە سەبارەت بەمافەکانی ئافرەتان هەڵبگرین، بۆ ئەوەی چیتر ئافرەت هیچ مافێکی پێشێل نەکرێ و لە پرۆژەی تواناسازیش شانبەشانی پیاوان پشکی هەبێت».

سەرۆکی ڕێکخراوی تواناسازیی ئافرەتان (سۆزان عارف)، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە ڕێژەی بەشداربوونی خانمان لە پرۆژەی تواناسازی زۆر کەمترە لە پیاوان و سەرەکیترین هۆکاریشی ئەوەیە کۆمەڵگە هەر لەبنەڕەتەوە ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە ئافرەتێك بۆ ئەوەی برەو بەتواناکانی خۆی بدات، بە تەنیا ڕوو لەدەرەوەی وڵات بکات. گوتیشی: «لەهەموو قۆناغەکان نەریتی نێرسالاری لە کۆمەڵگە ڕێگری لە



ئافرەت دەکات، بۆ سوودوەرگرتن لە پرۆژەی تواناسازیش بیانووی خۆیان هەیە، ئەگەر کچەکە شووی نەکردبێت، دەڵێن هێشتا شووی نەکردووە و نابێت بە تەنیا بڕوات، ئەگەر شووی کردبێت، دەوترێت چۆن دەبێت منداڵ و مێردەکەی بەجێبهێڵێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە دەوترێت ئافرەت بچێتە دەرەوەی خێزانەکەی، ماڵەکەی هەڵدەوەشێت، ئەم فاکتەرانە وادەکەن ئافرەتان کەمتر بتوانن لە پێکهاتەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە نزیك بکەونەوە، چونکە «بالانسی گشتییان» بەلاوە گرنگ نییەو نازانن ئەگەر یەکێك لەڕەگەزەکان بەشدارییان نەکرد، ئەوکات کێشە دروست دەبێت».

سەرۆکی ڕێکخراوی تواناسازیی ئافرەتان بۆ ئەوەی باڵانسەکە رابگرن، پیادەکردنی سیستەمی کۆتا بە کارێکی پێویست هەژمار دەکات و ئەوەش بە ڕێکارێك دەزانێت بۆ ئەوەی ئافرەتانیش بەشێوەیەکی کاراتر لەو پڕۆژانە بەشداربن و ڕێگەیان لێنەگیرێت.

سۆزان لە کۆتایی ئاخافتنەکەیدا بۆ گوڵان جەختی لەوە کردەوە کە ئەوان وەك ڕێکخراوی تواناسازی زۆر بە وردی کاریان لەسەر ئەوە کردووە کە «تواناکانی ئافرەت بەهێزو دەرفەتەکانیش یەکسان بکرێت».

لە لای خۆیەوە بەڕێوەبەری گشتیی پەرەپێدانی مرۆیی لەوەزارەتی پلاندانان(د. عەبدولڕەزاق محەممەد مستەفا)، سەبارەت بە هەمان پرس هێما بۆ ئەوە دەکات کە چەند پێوەرێکیان بۆ وەرگرتنی گەنجان لە تواناسازی دەستنیشان کردووە، لەوانە: «تەمەن و ئاستی زانستی و شوێنی کارکردن و نمرەی بەکالۆریۆس و کەسوکاری شەهید، کە بەم پێوەرانە کەسی کاندیدکراو دەتوانێ نمرەکانی کۆبکاتەوە، گوتیشی: «داوامان لەسەر جەم وەزارەتەکان کردووە لیژنەیەکی تایبەت بە پرۆسەی تواناسازی دروست بکەن و بەشێوەیەکی شەفاف ئەو کورسییانەی کە بۆیان دەستنیشان کراوە پڕی بکەنەوە، هەر وەزارەتێك چەندە ڕێژەی بەکالۆریۆسی زیاتر بێت، ئەوەندە زیاتر کورسی بۆ دەستنیشان کراوە، چونکە دەستنیشانکردنی کورسییەکان لەوەزارەتەکاندا لەسەربنەمای زۆری ڕێژەی هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بووە، داواشمان لەهەموو فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان کردووە، هەر کەسێك هەست دەکات ڕێگەی لێگیراوە لە پێشکەشکردنی داوای وەرگرتن بۆ تواناسازی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وەزارەتی پلاندانانەوە بکەن، بەشێوەیەکی زۆر ڕاشکاوانەش لە ڕێگەی لینکی تایبەت و بە شێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ گوێمان لە سەرجەم ئەو سکاڵایانە گرتووە کە بۆمان هاتووە و هەوڵی چارەکردنیمان داوە».

د. عەبدولڕەزاق جەختی لەوەش کردەوە کە سیستەمی خوێندن لەهەموو دنیادا بۆ هەردوو ڕەگەز یەکسانە و ناکرێت لە پرۆسەی تواناسازی مەرجەکانی ئافرەت لەهی پیاو جیاواز بێت، گوتیشی: «تا ئێستا ١٤٧٢کەس لەو پرۆسەیە سوودمەند بوون، دیارە لەجێبەجێکردنیشیدا حکومەت بەپێی یاسا پشت بە زۆرترین داتا و ڕێنمایی دەبەستێت، کاتێکیش ئەو مەرجانەمان داناوە بەدڵنیاییەوە گەڕاوینەتەوە بۆ کۆمەڵێك بنەمای زانستی، جگە لەوانەش ئەو بابەتە زۆر لەوە گەورەترە کە بتوانین لەچەند دێڕێکدا ئاماژە بە رووی ئەرێنی و نەرێنی مەرج و تایبەتمەندییەکانی بکەین، چونکە پرۆسەکە پرۆسەیەکی ئەکادیمی فراوانە، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا هەر کەسێك کێشەی هەبێت، دەتوانێ لەنزیکەوە سەردانمان بکات و ئامادەیی ئەوەمان هەیە ئەگەر پێویست بکات لەجیاتی جارێك سەدجار بە مەرجەکانیدا دەچینەوە، ئەگەر داواکارییەکەشی نامەنتق بێت، قەناعەتی پێدەهێنین، بە مەرجێك داواکارییەکەیان لەنووسراوێکدا جێکردبێتەوە و پشتبەستراو بێت بە کۆمەڵێ بنەمای یاسایی و ئەکادیمی، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لەکاتێکدا هەر هەموومان ئەندامی یەکێك لەحزبەکانین و شانازیشی پێوە دەکەین، بەڵام خۆشبەختانە حزبایەتی و حزبی بوون موتڵەقەن لەمەرجەکان رەچاو نەکراوە و ڕۆڵی نەبووە».



گوڵان: کۆمەڵایەتی

پەرلەمانتارێك

**هیچ بەربەستێکی یاسایی نییە کە لە پڕۆژەی تواناسازی ڕێگە لە ئافرەت بگرێت، مەرجەکانیشی ستاندەری یاسایی هەیەو لەسەر هەردوو ڕەگەز جێبەجێ دەکرێن**

بەڕێوەبەری گشتیی پەرەپێدانی مرۆیی لەوەزارەتی پلاندانان

**هەموومان ئەندامی یەکێک لەحزبەکانین و شانازیشی پێوە دەکەین، بەڵام حزبایەتی و حزبی بوون موتڵەقەن لەمەرجەکانی تواناسازی رەچاو نەکراوە**

سەرۆکی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتان

**ڕێژەی بەشداربوونی خانمان لە پڕۆژەی تواناسازی زۆر کەمترە لە پیاوان و سەرەکیترین هۆکاریشی ئەوەیە کۆمەڵگە هەر لەبنەڕەتەوە ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە ئافرەتێک بە تەنیا ڕوو لەدەرەوەی وڵات بکات**